# جیاوازی لە نێوان (عیلم)و (فیکر)دا

بەشێك لەووتەی مامۆستای زانا

(صالح بن عبدالعزیز آل الشیخ)

وەرگێڕانی: م/ شێرزاد عبدالقادر

بسم الله الرحمن الرحیم

الحمد لله رب العالمین والصلاة والسلام علی نبینا محمد وعلی آله وصحبه أجمعین ومن تبعهم بإحسان الی یوم الدین، وبعد:

**دەتوانین بەچەند خاڵێك جیاوازی بکەین لە نێوان عیلم وفیکر، لەوانە:**

**یەکەم[1]: (عیلم) بەڵگەکانی توندو تۆڵە، بەڵگەکانی دیاریە کە بریتین لەسیانزە بەڵگە، هەروەکو پێشەوا** (القرافي) **باسیانی کردووە لە هەندێ کتێبەکانی کە لەبارەی** (أصول الفقه) **ە، بەلاّم فیکر بەڵگەکانی توندو تۆڵ و دیاری نییە، چونکە (فیکر) زۆر گەشتیارە بۆیەش دەبینی لە بەڵگەکانی (موفەککیر) جارێك ڕووداوێکی مێژوویە، ئەم ڕووداوەش دەکاتە بەڵگە لەسەر حوکمدان بەسەر ڕووداوێکی تازەو نوێ** (نازلة) **کە ڕوودەدات لەم سەردەمەدا، جا کەی مێژوو بۆتە بەڵگە؟ لەسەر ئەم جۆرە بەڵگەیە (موفەککیر)ێك دێت و دەڵێت: خەڵکی شارێك لەفلاّن وولاّت – هەروەکو مێژوو نووسەکان باسی دەکەن – ئەو خەڵکە لەکاتێکدا خواردن کەم بوو، برسێتیش زیادی کرد هەستان بەکاری خۆنیشاندانێکی گەورە و دیار، ئەمەش دەبێتە بەڵگە لەسەر دروستی خۆنیشاندان لەئیسلامدا، ئەم جۆرە بەڵگە هێنانەوەیە وای لێ هات کە کردنە بەڵگەی ئەم جۆرە شتانە بووە بە بنەمایەك .**

---

(١) أ– ئەم بابەتە بەشێکە لەو ووتەی مامۆستای زانا (صالح آل الشیخ): ئەم بەشەش لە (موقع روح الإسلام) دا هاتووە بەشی (المقالات)، لە بنەڕەتدا باسەکە لەمە زۆرترو درێژە پێدراوترە...

ب– مەبەست بە (عیلم ) کە بەرامبەر کراوە لەگەڵ (فیکر) دا ئەوا (علیم)ە شەرعیە پیرۆزەیە کە بریتیە لە شارەزا بوون لە قورئان و فەرموودە.

وە مەبەستیش لە(فیکر) کە بەرامبەری (عیلم) کراوە ئەوەیە کە لە زاراوەی ئەمڕۆدا پێی دەڵێن: (فیکری ئیسلامی ):– هەروەکو خاوەنەکانی وای پێ دەڵێن وە بە هەڵگرانی دەوترێت: (موفەککیری ئیسلامی) .

کەوا بوو ئەمە (فیکر) و بۆچوونە، ئەم (فیکر)ەش ڕاست نىیە و، ئەم بۆچونەش دروست نىیە، ووتەی ئێمەش لەسەر ئەوە نىیە کە تۆ هۆیەك و ڕوون کردنەوەیەك بهێنی بۆ چوونەکەت، بەلاَم ووتەکە لەسەر ئەوەیە کە ئەم ڕوون کردنەوەیەو، ئەم هۆهێنانەوەیە قبولٚ کراو و ڕاست ودروست بێت.

کەسی تریش دێت لەوانەی خۆی بە(موفەککیر) دادەنێت ڕووداوی مێژوو دەکات بە بەلٚگە لەسەر ئەوەی کە زانایان و شارەزایانی فەرموودەناس (أهل الحديث) دواکەوتوون لەئاستی دروستکراو وداهێنراوەکانەکان، وەدواکەوتوون لە چوونە ناو مەیدانی زانستی و پێشکەوتن، وە دەلٚێن: (لەمێژووی موسلٚمانان کەس پێشکەوتنی وەبەرنەهێنا، وەکەس نەیتوانی شارستانی و دۆزراوەکان پێشکەش بکات، وەکەس نەیتوانی کتێبخانەی موسلٚمان دەولٚەمەند بکات جگە لە عەقلاَنیەکان (العقلانيون)، تەنها ئەمان بوون هانی کاری پیشەسازیان دا، وەهانی بۆچوونە شارستانیەکانیان دا، وەپێشکەوتن و زانستی پزیشکی و بیرکاری نموونەی ئەم زانستەیان وەبەرهێنا، جا نەبووە لە زانایان و شوێن کەوتوانی فەرموودە ئەم جۆرە شتانەیان تێدا بووبێت، کەوابوو ئەمە بەلٚگەیە لەسەر ئەوەی کە قوتابخانەی زانایانی فەرموودەناس قوتابخانەیەکی بێ توانایە لەوەی کەپێشەوایەتی موسلٚمانان بکات، وە بەلٚگەشە لەسەر ئەوەی کە قوتابخانەی شوێن کەوتووانی پێشینان (المدرسة السلفية) بێ توانان لەوەی کە پێشەوایەتی موسلٚمانان بکەن، بەلٚێ سوودیان هەبووە لە بواری کۆمەلٚێك لەباسەکانی شەرعی پیرۆز لە (فيقه) دا...، بەلاَم لەو شتانەی کەخوای گەورە سودی گەیاندووە بە موسلٚمانان ئەوا تەنها لەسەر دەستی عەقلاَنیەکان بووە، تەنها لەسەر دەستی کۆمەلٚەی (المعتزلة) بووە، هەر ئەوانیشن شایستەی پێشەوایەتی موسلٚمانان لە ڕابردوو ئێستادا، بۆچوونە عەقلاَنیەکانیش موسلٚمانان پێش دەخات، بەلاَم فەرموودەناسان یان شارەزایانی شەریعەت و (فيقه) ئەوان تەنها ئامۆژگاری کارن).

کەوا بوو ئەم جۆرە قسەکەرانە ئەو ڕووداوە مێژوویانە یان ئەو لێکدانەوەی خۆیان بۆ مێژوو کرد بە بەلٚگە لەسەر پووچەلٚ کردنی بنەمایەك لە بنەماکان، وەبەلٚگەیەك لە بەلٚگەکان کە تێیدا هاتووە کە کۆمەلٚی ڕزگاربوو تەنها بریتین لەوانەی

کەدەست گرتوون بەفەرموودەو کۆمەڵی موسڵمانان(أهل السنة والجماعة)کە ئەو ڕزگاربووانەش بریتین لە شارەزا و پسپۆر لە زانستە شەرعیەکان، جا زانایانی کۆمەڵی ڕزگار بوو حوکم دەدەن بەسەر بوونی عەقلانیەکان ئایا کارو بۆچونی ئەوان دروستە یان نا.

ئەوەی جێی ئاماژەیشە ئەوەیە کە زانایانی کۆمەڵی ڕزگار بوو بە هیچ شێوەیەك داهێنراو و دروستکراوە تازەو پێشکەوتنەشارستانی وپیشەسازیەکان قەدەغە ناکەن، وە هەر کەسێك قەدەغەیان بکات ئەوا لە تێڕوانینی کورتێتی یان لە دووریەتی لەمەبەستەکانی شەرعی پیرۆز.

مەبەستی ئێمەش لێرەدا ئەوەیە کە ئەو زانا شەرع زانانە تەنها ئەوان چارەسەرکەری نەخۆشیە ئاینیەکانی خەڵکن، هەر ئەوانن خەڵکی ڕێنمایی دەکەن بۆ ژیانی ڕۆژی دوایی، وە هەر کەسێك هەبێت کە کاری ژیانی دونیای خەڵکی ڕاست بکاتەوە وجۆرەها پێشکەوتنی شارستانی وداهێنراوی پیشەسازی وچەندەها داهێنراوی پزیشکی و ئەندازیاری و یاسای کیمیایی و فیزیایی و ئەستێرە ناسی پێشکەش بکات ئەوا ئەم جۆرە کەسانە لەلایەن زانایانی شەرع زانەوە حوکم دەدرێت بەسەر کارەکانیاندا کە ئایا دروستە یان نا...

کەوابوو پێشەوایەتی ڕاست لە تێڕوانینی شەرعدا تەنها بۆ زانایانی شەرع زانە، بەڵام ئەو بەڵگە هێنانەوە(فیکر)یە ئەوا زۆر جولاو و گۆڕاوە، وە زۆر دوورە لە توندوو تۆڵیەوە، کە هەستاون بەوەی هەندێ ڕووداوی مێژوویی بکەن بە بەڵگە لەسەر پووچەڵ کردنەوەی بنەمایەك لە بنەما شەرعیەکان .. وە هەیشە قەناعەت بەم جۆرە بەڵگە هێنانەوەیە دەهێنێت و بەردەوام دووبارەی دەکاتەوە.

جیاوازی دووەم: (عیلم) کۆمەڵە بنەمایەکی هەیە کە دەبنە پێوەر بۆی، بەڵام (فیکر) هیچ بنەمایەکی نیە کە بکرێت بەپێوەر بۆی، هەر بۆیە گەر یەکێك بدوێ لەبارەی باسێکی زانست و (عیلم) ی شەرعدا ئەوا دەتوانێت ووتەکەی بپێورێ ئایا قبولێ کراوە یان نا؟ وە ئایا ووتەکەی بەهێزە یان نا؟ بەڵام (فیکر) بێ ڕێساو بنەمایە، ڕێساکانی چیەو؟ بنەماکانی کامانەن؟ گەر بمەوێ ووتەی (فیکر) ی بپێوم ئەوا بەچی بپێوم؟ بێ گومان گەیشتن بە پێوەری زانراو بۆی شتێکی مەحاڵە.

کـەوا بـوو (علـیم) پێـوەری خـۆی هەیـە، بـەلاّم هەرچـی (فیکـر)ە ئـەوا تونـدوتۆلْ نی‌یە، وەهیچ پیـوەر وبنـەمای نـی‌یـە کـە پێوانەی پـێ بکرێ جگـە لـەوە نـەبێ کـە بگەڕێتــەوە بــۆ (عــیلم)، چــونکە هـــەر (عیلم)ە کە(حوکم) بەسەر ئەو (فیکـر)ەدا دەدات.

سێیەم: (عـیلم) بنـەڕەت تێیدا مـەدح و سـوپاس و سـتایش کردنـە، وە هـەلْگرانی پێدا هەلْدراو وسوپاس وسـتایش کـراوون، بەلاّم (فیکر) بریتی‌یە لـەبینین و بۆچـوون (الرأي)، بینین وبۆچوونیش بنەڕەت تێیدا زەمکردن و بەدگۆیی‌یە (الـذم)، ئەمـەش جیــاوازی‌یــەکی گەورەیــە لـــە نیـــوان هەردووکیاندا.

چوارەم: (عـیلم) بڕیـاردەر وحـوکم دەرە بەسەر(فیکر)دا، بریاردەرە بەسەر هـەموو بۆچـوونەکان، بـەلاّم (فیکـر) و بۆچـوون بڕیار لەسەردراون، ئەمەش جیاوازی‌یەکی گرنگە لە نیوانیاندا.

پێنجەم: کەکورتەی خالْـەکانی پێـشووە، (عیلم) کۆکەرەوەیـە، واتـە: کۆکـەرەوەی موســلْمانانە لەســەر ڕێبــازی خـۆی، وە لادەری جیــاوازی وبــەش بــەش بوونــە، وەکـــەم کـــەرەوەی قوتابخانـــە نـــاکۆك وجیاوازەکانـە، بـەلاّم (فیکـر) وبۆچـوون جیـاوازی وبـەش بـەش بـوون دروسـت دەکـات، هـەروەها نـاکۆکی وقوتابخانـەی نـاکۆك زیـاتر دەکـات، ئـەم جیـاوازی‌یـە و ئەم قوتابخانەیـە چـەندەها کۆمـەلْ کـاری ولایەن لایـەن دروسـت دەکـات، چـەندەها بۆچوونی تازە وەبەردەهێنێ کە چەندەها هەلْوێستی جیاواز بەدوایانەوە دێت.

کەواتـــە: ئـــەوەی کـــە باسمـــان کـــرد مەبەسـتمان تێیـدا ئەوەیـە کـە بگەینـە ئەنجامێکی گرنگ، ئـەوەیش ئەوەیـە کـە زانایـانی شـەریعەت، زانایـان لـە ئـایینی موسـلْمانان، وە لەهەلْوێـستی موسـلْمانان هەر ئەوانن پێشەوا، هەر ئـەوانن کـەڕوونی دەکەنـەوە بـۆ خـەلْکی کـام شـت حەلاّلـە وەکامیان حەرامە؟ چـی پێویسته بکرێت وەچـی پێویـست نـی‌یـە؟ چـی دروسـتە وەچـی دروسـت نـی‌یە؟چـی پێویـستە بگرێتە بەر وەچۆن بڕیار دەدرێت لەسـەر حـــالْ و ڕووداوەکـــان، لەســـەر بۆچوونەکان...هتد زانایان هەر ئەوانن کـە شایستەو هەلْبژێردراوی ئەو شتانەن، هـەر ئـەوانن سەرچـاوە لـە کاروبـاری بانگـەواز کـردن بــۆ ڕێگــای خــوا، هـــەر ئـــەوانن سەرچاوە لە کاتی ناکۆکی دا، هەر ئەوانن پێشەوا، وە هـەر ئـەوانن بانگـەوازکار لـە کاروبـــاری ئایینـــدا، جـــا ئەگـــەر (موفەککیر)ەکان پێشەوای بانگەواز بن بۆ ئیسلام، وە ئەگەر ئەوان سـەرکردەی ئـەو

کۆمەڵانه بن ئەوا بێ گومان کۆمەڵێ شتی زۆر له زەم کراوەکان وه بەردەهێندرێ.
بڕوانن له حاڵی ئەو جۆره کۆمەڵانـه، ئـەو جۆره قوتابخانانه لـه هەنـدێ لـه وولاتـان کـه چـۆن حاڵیـان وای لێ هـاتووه کـه هەندێکیان دژایەتی هەندێکی تـر دەکـات، وەهەنـدێکیان هەنـدێکی تـر دەکـوژێ — داوای سەلامەتی له خودا دەکەین— .
کـەوابوو (موفـەککیر)ەکـان نـاگونجێن بـۆ ئـەوەی کەببنـه پێـشەوا لـه کاروبـاری ئاییـندا، نـاگونجێن کـه ببنـه بڕیـاردەر بەسـەر ڕووداوەکانـدا، بەسـەر زانایانـدا، بەسەر بۆچوونەکاندا، وه دروستیش نییه که بڕیـاردەربن لـه ئـەنجامی بانگـەواز بـۆ ئاین، چونکه بانگـەواز کـردن بـۆ ئـایینی خوا سەرچاوەکەی قورئان و فەرموودەیه، ئەوانەیـشی کـه تـێ دەگـەن وه شـارەزا دەبن له قورئان و فـەرموودە هـەر ئـەوانن شایستەی بەڕێوەبردنی بانگەوازی ئـایینی خـوا، هـەر بۆیـه (موفـەککیر) پێویـسته بوەستێت لەو سنورەی که بـۆی دانـراوە، جا گـەر تـێ پـەڕی لـەو سنوره ئـەوا بـێ گومـــان تـــێ پەڕبوونەکـــەی بەســـەریدا دەشکێتەوه نەك له بەرژەوەندیدا بێت.
کەوابوو (موفەککیر) شیاو نییه بـۆی کـه بەرژەوەندی وخراپەکان (المصالح والمفاسد) دیـاری بکـات، شـیاو نـییـه بـۆی کـه بۆچـــوونی خـــۆی بخاتـــه سەرباســـی بەرژەوندی وخراپـەکان، وەبڵێـت: ئائەمـه بەرژەوەندییه، وه ئائەمه خراپ و زیانـه، وەهەســـتێت بـــەوەی کـــه ڕووداوێکـــی کۆمەڵایـەتی بپێـوێ و بڕیـاری بەسـەردا بـدات، یـان بەسـەر وولاتێـك، یـان بەسـەر هەڵوێستێك لـه هەڵوێستەکان، وه بڵێـت: بەرژەوەنـدی لەمەدایـه، گـەر بووترێـت: بەڵگـەت چـییـه لەسـەر ئـەم بڕیـاردان و دیـاری کردنـه؟ ئـەوا دەڵێـت: (فیکـر)و بۆچوون بـەم شێوەیه ئاراسـتەی کـردین بۆی .
وه بـێ گومـان کـه دروسـت نـییـه بـۆ (موفەککیر) کەوا بێت، چونکه ئەوەی کـه تەنها بۆی هەیه بەرژەوەندی و خراپـەکان دیـاری بکـات و بڕیـار بـدات بەسـەریاندا زانایـانی شـەرعه، چـونکه شـەریعەت — هەروەکو پێشەوا (ابن تيمية) دەفـەرمێت: هـــاتووه بـــۆ بەدەســـت هێنـــانی بەرژەوەندییەکان و تـەواوکردنی، وه بـۆ لادانی خراپەکان و کەم کردنەوەی، جـا چ کاتێك دروسـت بـووه بـۆ (موفـەککیر) کـه بیربکاتەوه وبڕوانێ و بنووسێ؟ بێ گومان لـەو کاتـەدا بڕیـاری بەسـەردا ئـەدرێ بەپێوەری (عیلم) .
لـه کۆتایـشدا ئامۆژگاریـەکی ڕووتـێ کـراو هەیـه بـۆ گـەنجانی موسـڵمان، وه بـۆ

(موفەككیر)ەكان، وە بۆ زانایان كە هەموویان هەڵسن بەپێویستی (عیلم)، وە با كۆی موسڵمانان ڕاست بكەنەوە لەسەر بنەمای (عیلم)، وەبا بنەمای(عیلم) فراوان بكەنەوە، چونكە كۆمەڵگای موسڵمان زیاتر لە هەموو شتێكی تر پێویستی بە (عیلمە)، وە (عیلم)یش بنەمایە، هەروەكو چۆن كەسانێك لە عەقڵانییەكان و موفەككیرەكان ئەمەیان چەسپاندووە لە دوای چەسپاندنی زانایان، كەوا بوو هەموو یەك دەنگن لەسەر ئەوەی كە ئەو بنەمایەی كە پێویستە موسڵمانان لێوەی دەرچن بۆ سەركەوتن بریتییە لە (عیلم)، بەڵام ئایا كێ دەست بەمەوە دەگرێ؟ خەڵكی زۆر پێویستن بۆ (عیلم)، زۆر پێویستن بۆ كەسانێك كە بیان گەڕێننەوە بۆی، كە بۆیان ڕوون بكەنەوە...، (فیكر) و نوسراوە (فیكر)ییەكان پێویستە بڕیارپیان لەسەر بدەی، پشت مەبەستە بە بۆچوونی نوسەرە(فیكر)ییەكان، با خوێندنەوەت بۆ كتێبە(فیكر)ییەكان زاڵ نەبێت بەسەرتا لە شەو ورۆژەكەتدا، بەڵام با زۆرینەی خوێندنەوەت لە(عیلم) دا بێت، چونكە هەر( عیلم)ە كەدڵەكان ڕۆشن دەكاتەوە، بەڵام هەرچی فیكرە هەمووی بۆچوونە، خۆ ئەگەر تۆ(عیلم)ت كرد بەبنەماو پێوەر ئەوا (فیكر)یش لە شوێنی ڕاست و دروستی خۆی دەبێت، وە لەو كاتەشدا دەرۆیتە ڕێوە لەناو كۆمەڵگادا بە ڕۆشنبیرێك و (فیكر)ێكەوە كە پێی دەتوانی بدوێی لەو شتانەی كە دواندنی لەسەرە لەناو كۆمەڵگاكەتدا لەووتەو بۆچوونەكان، بەڵام گەر(عیلم)ت كەم بوو ئەوا تۆ لەو كاتەدا وەكو پەڕ دەبیت لەبەر بای بۆچوونەكان، ئەمەش بێ گومان خاوەنەكەی بەرەو نوقسانی (فیكر)و بیركردنەوەدا دەبات.

نوسراوی (موفەككیر)ەكان لەوانەی كە جۆرەها نووسین دەنووسن چی لەوانەی ماون یان مردوون ئەوا پێویستە بیان خەینە شوێنی دروستی خۆیان، وەنابێت ئەو نووسراوانە بكرێتە بڕیاردەر وەیان قوتابخانە، بەڵام دەژمێردرێن وەكو كۆمەڵێك بۆچوون لێی وەردەگیرێ و لێیشی وەرناگیرێ.

والحمد لله رب العالمين.

www.ba8.org
www.salafikurd.com
www.r-rast.com
1428 - 2007